بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمـاره (٨٦) چاپی یەکەم سالّی هەشتەم ٢٦/ ٥/ ٢٠٠٨ ز ٥/ جۆزەردان/٢٧٠٨ کوردی ٢١/ جمادی الاولی/ ١٤٢٩

لەم ژمارەیەدا :

86

* **یاسای ژمارە (٢) ی سالّی ٢٠٠٨** ........................................ ل١

یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان-عێراق.

* **یاسای ژمارە (٣) ی سالّی ٢٠٠٨** ........................................ ل١١

یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان-عێراق بۆ سالّی ٢٠٠٨.

* **یاسای ژمارە (٥) ی سالّی ٢٠٠٨** ........................................ ل١٤

یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرە کێشان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣١)ی سالّی٢٠٠٧.

* **بڕیاری ژمارە (١) ی سالّی٢٠٠٨ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان..** ل١٥

دانانی ڕۆژی (١٦/٤)ی هەموو سالێك لە هەرێمی کوردستان بە ڕۆژی ژینگە .

* **بەیان ژمارە (٣) ی سالّی ٢٠٠٨** ........................................ ل١٧

کردنەوەی شارەوانی قۆرەتوو لە شارۆچکەی قۆرەتوو لە پارێزگای سلێمانی بە پلەی چوارەم.

نرخی (٧٥٠) دینارە

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

ناونیشان: هەولێر بالەخانەی وەزارەتی داد.
☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨)

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كـــوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقـــليم كـــوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٨٦) الطبعة الاولى السنةالثامنة ٢٠٠٨/٥/٢٦ م ٥/ جۆزەردان/٢٧٠٨ كوردى ٢١/ جمادى الاولى/ ١٤٢٩ هـ

في هـذا العـدد :


- **قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٨** ................................. ص١٨
  قـانون ديوان الـرقـابة المـالـية لإقليم كوردستان–العراق.
- **قانون رقم (٣) لسنة ٢٠٠٨** ................................. ص٢٧
  قـــانـون مـوازنـة إقلـيم كـــوردستان–العراق لسنة ٢٠٠٨.
- **قانون رقم (٥) لسنة ٢٠٠٨** ................................. ص٣٠
  قـانون التعديـل الاول لقـــانون مكافحة التدخين في إقليم كوردستان–العراق رقـم (٣١) لسنة ٢٠٠٧.
- **قـرار رقم (١) لسنة ٢٠٠٨ من رئاسة اقليم كوردستان** ................ ص٣١
  اعتبار يوم (٤/١٦) من كل عام في إقليم كوردستان–العراق يوماً للبيئة .
- **بيان رقم (١) لسنة ٢٠٠٨ من وزارة البلديات** ...﴿باللغة الكوردية فقط﴾........ ص١٧
  اســـتحداث بـــلدية قۆرەتوو في نـاحية قۆرەتوو في محافظة السليمانية و بدرجة الرابعة.


السعر ( ٧٥٠ ) دينـــار

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

العنوان : اربيل بناية وزارة العدل
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ –٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢– ٢٢٤٥٥٠٧ – ٢٢٤٥٥٠٨ )

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٩ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٩) لە٢١ /٢٠٠٨/٤ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٠٨
## یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق

## بەشی یەکەم
### پێناسە و پێکهاتە و ئامانجەکانی دیوانی چاودێری دارایی

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم:** دیوان: دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێم.

**سێیەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی چاودێری دارایی.

**چوارەم:** سەرۆك: سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم.

**پێنجەم:** دەستەڵاتی چاودێری: ئەنجومەن و سەرۆکەکەی و هەریەك لە دەستەو فەرمانبەرانی دیوان کە یەکێك لەو دووانە دەستەڵاتیان پێدا بێت لە بواری پسپۆڕی چاودێری دا.

**ماددەی دووەم:**

دەستەڵاتێکی چاودێری لە هەرێمدا دادەمەزرێت بەناوی(دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق)کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی هەیەو بۆی هەیە هەموو رەفتارێکی یاسایی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی خۆی بگرێتە بەر و سەرۆکەکەی یا ئەو کەسەی کە دەستەڵاتی پێ دەدات نوێنەرایەتی دەکات.

**ماددەی سێیەم:**

دیوان بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراقەوە دەبەسترێتەوە.

رۆژنامەی وەقایعی کوردستان



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

**ماددەی چوارەم:**

ئامانجی سەرەکی دیوان بریتیە لە پارێزگاری کردن لە موڵك و ماڵی گشتی لە ڕێگای پیادەکردنی چاودێری کردنێکی کاریگەرانە بەپێی ئەو پسپۆڕایەتی و دەسەڵاتانەی کە ئەم یاسایە پێی داوە.

**ماددەی پێنجەم:**

سەرۆکی دیوان بە مەرسوومێك کە لە سەرۆکایەتی هەرێم دەردەچێ دادەمەزرێت و لەسەر پاڵاوتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی و بە پلەی وەزیر دەبێ و هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی وەزیریشی هەیە سەبارەت بە مووچە و دەرماڵە و خانەنشینی و خزمەت و دەسەڵاتی وەزیری داراییشی دەبێ لەوەی کە پەیوەندیی بە کاروباری دیوان و میلاك و بودجەوە هەیەو ماوەی سەرۆکایەتیەکەی (٤)ساڵەو شایانی دووبارە بوونەوەی بۆ یەك جار بە ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق هەیە و، نابێ لەماوەی سەرۆکایەتیەکەی بەبێ ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لابدرێ .

**ماددەی شەشەم:**

دیوان لەمانە پێکدێت:

**یەکەم:** ئەنجومەنی چاودێری دارایی:

١- ئەنجومەنی چاودێری پێکدێ لە سەرۆکی دیوان وەك سەرۆك لەگەڵ جێگرەکەی و بەڕێوەبەرە گشتییەکان وەك ئەندام و لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی دیوان جێگرەکەی جێگای دەگرێتەوە.

٢-ئەنجومەن بەلایەنی کەمەوە مانگێ جارێك کۆ دەبێتەوە و وە ڕادەی (نصابی)یاسایی بە ئامادەبوونی ٣/٢ دوو لەسەر سێی ئەندامانی تەواو دەبێ.

٣-ئەنجومەن بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەکات و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پەسەند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە.

**دووەم:** سەرۆکی دیوان: سەرۆکی دیوان دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەن و ئەم فەرمانگانەی خوارەوە بە سەرۆکی دیوان دەبەسترێنەوە:

١-فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی و یاسایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و خزمەتگوزارییەکانی کارگێڕی و دارایی ویاسایی ئامادەو پێشکەش بە پێکهاتەکانی دیوان دەکات.

٢-فەرمانگەی کاروباری هونەریی و توێژینەوە: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات وئەو ئەرکە هونەری وپیشەییانە پێشکەش دەکات کە نەخشەسازیی و بەدواداچوون و سستمی ژمێریاریی پێویستیان پێی هەیە، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی کار و شیاندن و هەروەها ئەرکی توێژینەوە لە هۆکارەکانی پەرەپێدانی ئەرکی چاودێری وزیادکردنی کاریگەریەکەی و بەرزکردنەوەی ئاستی جێبەجێ کردنی لە ئەستۆ دەگرێ و هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بەدیوان دەکات.

٣-نووسینگەی سەرۆکی دیوان: فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات.



www.mojkurdistan.com

٤-بەشی راگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان.

٥-بەشی چاودێری ناوخۆ.

**سێیەم:** جێگری سەرۆك:سەرۆکی دیـــوان جێگرێکی هەیە بە پلەی بریکـــاری وەزارەت و هەموو مـــاف و ئیمتیازاتێکی تایبەت بە بریکاری وەزارەتی هەیە.

**چوارەم:** فەرمانگەکانی وردبینی: هەر فەرمانگەیەك لەو فەرمانگانە بەڕێوەبەرێکی گشتی یا ژمێریارێکی یاسایی سەرۆکایەتی دەکات و تایبەتمەند دەبن بە ژمارەیەك چالاکی کەرتی بەو پێیەی کە ئەنجومەن بەپێی پێویستی کاری چاودێری دارایی بڕیاری لەسەر دەدات و پێك دێ لە:

١-فەرمانگەکانی وردبینی مەڵبەندیی کە بریتین لە:

أ-فەرمانگەی چالاکی تەمویل و دابەشکردن و کۆمپانیاکان.

ب- فەرمانگەی چالاکی پیشەسازیی وسەرچاوە سروشتییەکان.

ج- فەرمانگەی چالاکی کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوە.

د- فەرمانگەی چالاکی خزمەتگوزارییەکانی گشتی.

هـ- فەرمانگەی چالاکی سەندیکاو رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.

و- فەرمانگەی چالاکی ئەندازەیی و هونەریی.

٢-فەرمانگەکانی وردبینی پارێزگاکان.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** ئەوەی کە بە سەرۆکی دیوان دادەمەزرێ پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتەدی:

١- هاووڵاتی هەرێم بێ و لێی نیشتەجێ بێ.

٢- بەلانی کەم خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یەکێك لە بوارەکانی (کارگێڕی، دارایی، ئابووری، یاسا)و شارەزایی لەبواری پسپۆڕییەکەی لە(١٠)ساڵ کەمتر نەبێ.

٣-نابێت بە تاوانێك حوکم درابێت کە لە پایەو ناو وناوبانگی کەم بکاتەوە.

**دووەم:** پێویستە ئەوەی بە جێگری سەرۆکی دیوان یا بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتەدی.

١- هاووڵاتی هەرێم بێ و لێی نیشتەجێ بێت.

٢-دەبێت بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی کارگێڕیی یا دارایی یا ئابووری هەبێت.

٣- ماوەی (١٥)ساڵ خزمەتی هەبێت، بە مەرجێ (١٠) ساڵی خزمەتی بە کردەنی هەبێت لەبوارێك کە پەیوەندی بە پسپۆڕییەکەیەوە هەبێ.

٤-نابێت بە تاوانێك یا کەتنێك حوکم درابێ.

**سێیەم:**

١-جێگری سەرۆکی دیوان بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق و بە راوێژ کردن لەگەڵ سەرۆکی دیوان دادەمەزرێ.

رۆژنامەی وەقایعی کوردستان



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

٢-بەرێوەبەرە گشتییەکان بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی دادەمەزرێن و لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دیوان .

## بەشی دووەم

## ئەرك و چوارچێوەکانی کاری دیوان و ئەو لایەنانەی بەر چاودێری دارایی دەکەون

### ئەرکەکانی دیوان

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامی چالاکییەکانی ژمێریاریی و کارگێڕیی لە رووی یاسایی و رێنماییە داراییە پەیڕەوکراوەکان، دیوان بۆی هەیە:

١-پشکنین و وردبینی مامەڵەکانی خەرجییەکان لەبارەی مووچەو دەرماڵەو پاداشتەوە بکات بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی خەرجکردنیان .

٢-دڵنیابوون لە نەبەزاندنی سنووری پشتیوانە داراییەکان لە بودجەی پەسەندکراو.

٣-دڵنیابوون لە بەکارهێنانی دارایی گشتی بۆ ئەو مەبەستانەی کە بۆی تەرخانکراوە، هەروەها دڵنیابوون لە بەفیڕۆ نەدان و دەست بڵاوی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی سوودەکانی.

٤-چاودێری و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکیەکان بەپێی ماددەکانی ئەم یاسایە.

**دووەم:** پشکنین و وردبینی کردنی مامەڵەکانی خەملاندن و بەدەستهێنان و وەرگرتنی داهات بۆ دڵنیابوون لە هەڵسوکەوتە پەیڕەوکراوەکان و چۆنیەتی جێبەجێ کردنیان.

**سێیەم:** پێشکەش کردنی کۆمەکی هونەریی لە بوارەکانی ژمێریاریی و چاودێری و هەموو کاروبارێکی کارگێڕی و رێکخستن کە پەیوەندییان پێیەوە هەبێت.

**چوارەم:** رێکخستنی خولی فێرکاریی بۆ فەرمانبەرانی دیوان و دەزگا حکومیەکان بۆ بەرزکردنەوەی توانایان و دیوان بۆی هەیە بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان دەرماڵەیان بۆ دابین بکات.

**پێنجەم:** دیوان رای خۆی لەسەر خشتەو بەیاننامەو راپۆرتە پەیوەندیدارەکان بە ئەنجامی کارو چالاکی دارایی بۆ ئەو لایەنانە دەردەبڕێت کە لەژێر چاودێری دارایی دانراون لەگەڵ دەربڕینی راوبۆچوون لەبارەی شێوازی رێکخستنی بەپێی یاسا و رێسای ژمێریاریی پەیڕەوکراو، بۆ دڵنیابوون لە ئاستی گونجاندنی لەگەڵ راستی و گونجاندنی لەگەڵ ناوەندە داراییەکان و ئەنجامەکانی.

**شەشەم:** دەرخستنی بەڵگەکانی گەندەڵی و فێڵکردن و بەفیڕۆدان و خراپ بەکارهێنان وبێ توانایی لە کاروباری وەرگرتن و خەرجکردن و بەکارهێنانی دارایی گشتی لە ئەنجامی وردبینی و هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی فەرمانگەکان.

**حەوتەم:** لێکۆڵینەوە و ئاگادارکردنەوە لەو کاروبارانەی پەیوەندییان هەیە بە لێهاتوویی بەدەستهێنان و خەرجکردن و بەکارهێنانی ماڵی گشتی وەك چۆن بە فەرمی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراقەوە داواکراوە.

رۆژنامەی وەقایعی کوردستان



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

**هەشتەم:** بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی یاساو ڕێنماییە دارایی و ژمێریارییە کار پێکراوەکان بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی و شیاوی و گونجانی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە نوێیانەی لە هەرێم ڕوویان داوە و سەرنج راکێشان بەرە و چۆنیەتی دەرکەوتنی کورتهێنان و پێشکەشکردنی پێشنیازی پێویست بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی پێشخستنی یا هەموارکردنی ئەو یاسا و پێڕەو و ڕێنماییانە.

**ماددەی نۆیەم:**

یەکەم: دیوان راپۆرتێکی سالانە بە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکات و تێیدا تێبینەکانی خۆی لەسەر بارودۆخی دارایی و کارگێڕیی و ئابووری لە بواری چاودێری دارایی لەسەر وەزارەت و ئەو لایەنانە روون دەکاتەوە کە دەکەونە ژێر حوکمی چاودێرییەوە، هەروەها راپۆرتەکە کورتەیەك لەکار و چالاکییەکانی دیوان لە ماوەی ئەو ساڵەدا لەخۆ دەگرێت.

دووەم: دیوان بۆی هەیە راپۆرت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر هەر بابەتێکی گرنگ پێشکەش بکات کە لە بواری چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی دارایی و کارگێڕیی و ئابووری دێتە پێشەوە.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم لایەنانەی خوارەوە چاودێری دارایی دەیانگرێتەوە:

**یەکەم:** وەزارەت و کارگێڕییە حکومییەکان و ئەو دەستە سەربەخۆیانەی کە سەر بە وەزارەتەکان نین لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە بودجەی سەربەخۆ و پاشبەندیان هەیە.

**دووەم:** هەموو ئەو سەندیکاو کۆمەڵەو یەکێتی و ڕێکخراوانەی کە حکومەت مۆڵەتی پێ داون.

**سێیەم:** هەر لایەنێکی دی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق بڕیار دەدات بخرێتە ژێر حوکمی چاودێریەکەی لەلایەن چاودێری داراییەوە یاخود ئەوەی کە لە یاساکانی دامەزراندنیدا هاتبێ.

## بەشی سێیەم
## تایبەتمەندیی و دەسەڵاتەکانی دیوان

**ماددەی یازدەم:**

دیوان مافی بینینی هەموو ئەو بەڵگەنامەو دۆسیەی مامەڵە ئاشکراو نهێنیانەی هەیە کە پەیوەندییان بەکاری داراییەوە هەبێ، جگە لەو بەڵگەنامانەی کە سەرۆکی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆك وەزیران بەدەریان دەکات، بە مەرجێك سەرۆکی دیوان ئاگادار بکرێ بۆ زانینی زانیاریی و دەربڕینی ڕای خۆی لە بارەیەوە.

**ماددەی دوازدەم:**

**یەکەم:** دیوان دەسەڵاتی هەڵسەنگاندنی دارایی بۆ کاروباری گرێبەستی گشتی و هەروەها یارمەتی و بەخشش و قەرز و ئاسانکارییەکانی حکومەت هەیە بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی خەرج کردنیان بۆ ئەو مەبەستانەی کە بۆی تەرخانکراوە.

ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان



www.mojkurdistan.com

**دووەم:** پێویستە دەزگاکانی هەرێم هەموو گرێبەست و بەیاننامەی قەرزو بەخششەکانی کە چنگی دەکەون لەماوەی مانگێك دا بۆ دیوانی بنێرێت بە مەبەستی بەدواداچوون و دەربڕینی تێبینی پێویست لەم بارەیانەوە.

## بەشی چوارەم

### سەرپێچیە داراییەکان

**ماددەی سێزدەم:**

**یەکەم:** ئەم کارو رەفتارانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە بە سەرپێچی دارایی دادەنرێن:

١-پابەند نەبوون بە یاساو بڕیارو پێڕەو و رێنمایی و بەیانە داراییەکان.

٢- پشتگوێ خستن و کەمتەرخەمی نواندن کە دەبنە هۆی لە دەست چوون و بەفیڕۆ دانی دارایی گشتی یاخود زیان گەیاندن بە ئابووری نیشتمانیی.

٣-پێشێلکردنی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت یاخود هەر یاسایەکی دیکە کە کاری پێ دەکرێت، ئەگەر لە ئەنجامدا زیانی بە دارایی گشتی گەیاند.

٤- شاردنەوەی پەڕاو و موستەنەد و ئەو تۆمارانەی کە بۆ کاری چاودێری و وردبینی پێویستن بەبێ بوونی پاساوی گونجاو.

٥- وەڵام نەدانەوەی نووسراوەکانی دەسەڵاتی چاودێری و سەرپێچی و تێبینیەکانی و لەبەرچاو نەگرتنیان.

٦- ئەنجام نەدانی کاری پێویست سەبارەت بە یەکلایی کردنەوەی ئەو سەرپێچیانەی کە لە راپۆرتەکانی دیواندا هاتوون.

**دووەم:** پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی کە سەر بە چاودێری دیوانن لە حاڵەتەکانی (تزویر و إختلاس) وئەو سەرپێچییە داراییانە ئاگاداری بکەنەوە کە لە برگەکانی(١ و٢)ی بەندی یەکەم لەم ماددەیەدا هاتوون، ئەمەش لەکاتی ئاشکرابوونی بەبێ ئەوەی ئەو ئاگادار کردنەوەیە ببێتە هۆی هەڵنەسانی ئەو لایەنانە بەکاری پێویست، هەروەها پێویستە دیوان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەو سەرپێچیانە ئاگادار بکاتەوە، بە پێچەوانەوەش بە سەرپێچی ئەم یاسایە دادەنرێت.

## بەشی پێنجەم

### دەستەلات و ئەرکەکانی ئەنجومەنی چاودێری دارایی

**ماددەی چواردەم:**

ئەنجومەنی چاودێری ئەم کارانە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** دانانی بنچینەو پلانی کارکردن لە دیوان و شێوازەکانی جێبەجێ کردنیان.

**دووەم:** دابین کردنی پێویستیە بنەڕەتیەکان کە ئەرکی چاودێری و وردبینی گەرەکیانە.

**سێیەم:** دەستنیشان کردنی خاڵەکانی کاری فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیوان و رێسای رێکخستنیشی بە پێڕەوێکی ناوخۆیی دەبێت.



www.mojkurdistan.com

**چوارەم:** دەستنیشان كردنی چوارچێوەی گشتی بۆ راپۆرتەكانی دیوان.

**پێنجەم:** تاوتووكردن و بڕیاردان لەسەر ئەو تێبینی و رێنمایی و پێشنیازو رایانەی لە راپۆرتە ساڵانەییەكەی دیواندا هاتوون بەر لە دەرچوونیان و لەوەشدا بۆی هەیە دەستەڵات بە یەك لە ئەندامەكانی یاخود فەرمانبەرەكانی دیوان لەو پسپۆڕییەدا بدات.

**شەشەم:** رێكخستنی خولی لێكۆڵینەوەی پراكتیكی بۆ فەرمانبەران و ئەنجومەن بۆی هەیە ئەو دەرماڵە بڕیار لێدراوانە بدات بەوانەی كە بەشداریی تێدا دەكەن.

**حەوتەم:** توێژینەوە لە هەموو ئەوانەی سەرۆكی دیوان یاخود هەر ئەندامێكی ئەنجومەن لە قەزیەكان دەیخاتە بەردەمی بڕیارو راسپاردە لە بارەیانەوە وەردەگرێت.

**هەشتەم:** ئامادەكردنی بودجەی ساڵانەی دیوان و ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی بۆ دانانی لەناو بودجەی گشتی هەرێم دا.

**نۆیەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش لەناو پێكهاتەی دیوان بكاتەوە یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە بەپێی پێویستی كار.

**دەیەم:**ئەنجومەن بۆی هەیە چاودێری لەسەر مامەڵەكان ئەنجام بدات بەر لەوەی بە قۆناغەكانی كۆتایی بگات.

**یازدەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە چالاكیەكانی فەرمانگە وردبینیەكان هەموار بكات و دووبارە بەپێی پێویستی كار دابەشیان بكاتەوە.

**دوازدەم:** لێكۆڵینەوە لە هەموو ئەو راپۆرت و بابەتانەی بۆ دیوان لە لایەن سەرۆكی هەرێم یان سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی یاخود سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەوانە دەكرێن بۆ وەرگرتنی بڕیارو راسپاردەو پێشنیازی پێویست لە بارەیانەوە.

**ماددەی پازدەم:**

**یەكەم:**ئەنجومەن بۆی هەیە ئەم دەرماڵانەی خوارەوە بە فەرمانبەرانی دیوان بدات:

١-دەرماڵەی چاودێری، رێژەكەی لە ٥٠٪ ی مووچەی فەرمانبەر رەت نەكات.

٢-دەرماڵەی ترسناكی و ئەركی تایبەتی رێژەكەی لە ٧٥٪ی مووچەی ئەو فەرمانبەرانە رەت ناكات كە كاری چاودێری و وردبینی دەكەن ولە كاتی كارەكەیاندا تووشی مەترسی دەبن.

٣-دەرماڵەی شوێنی جوگرافی، رێژەكەی لە ٣٠٪ی مووچە رەت نەكات.

٤-دەرماڵەی قەدەغەكردنی دەست دانە پیشە لە پاش دەوامی فەرمی بە مەرجێ رێژەكەی لە ٥٠٪ی مووچە رەت نەكات.

**دووەم:** ئەم دەرماڵانەی سەرەوەش پەیوەندیی بەو دەرماڵانەوە نییە كە بە فەرمانبەرەكان بەشێوەی گشتی دەدرێن.

**سێیەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە پێشخستن (قِدَم) لە ساڵێك تێنەپەڕێت لەهەر پلەیەك بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزكردنەوەی فەرمانبەرانی دیوان بدات كە توانایەكی بەرزیان هەیە یاخود هەوڵێكی لە رادە بەدەر دەدەن بەپێی ئەو رێنماییانەی كە بۆ ئەم مەبەستە دەری دەكات.

رۆژنامەی وەقایعی كوردستان



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

# بەشی شەشەم

## دەسـەڵاتەکـــانی سـەرۆکـی دیـــوان

**ماددەی شازدەم:**

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بۆ زامن کردنی ئەو ڕێکارانەی کە ئەنجامی کارەکانی چاودێری دارایی لێدەکەوێتەوە، سەرۆکی دیوان ئەم تایبەتمەندیی و دەستەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

**یەکـەم:** لێکۆڵینـەوە لـە سەرپێـچییە داراییـەکان و داوای پێـشکەشکردنی هـەر روون کردنەوەیـەك یـاخود زانیارییەك لەوەی کە دەزانێ ئەگەری ئاشکراکردنی سەرپێچییەکە لەسەر لێکۆڵینەوە کردن لەگەڵی وەستاوە، چ جای کارمەندی فەرمانگە یا هی دی بێت.

**دووەم:** دەست کێشانەوەی فەرمانبەر لە کارەکەی هەرکات سەلامەتی لێکۆڵینەوە و چاودێری پێویستی کرد یاخود لە کاتی دەرکەوتنی سەرپێچی یا تاوانێکی دارایی یان کارێکی پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە یاخود یاساو پێڕەو و ڕێنمایی دارایی پەیڕەوکراو بێ.

**سێیەم:** سەرۆك بۆی هەیە داوا لە وەزیری تایبەتمەند بکات سەرپێچیکەر (سەرپێچیەکی دارایی)بنێرێت بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لە وەزارەتەکەی پێکدێت یاخود سزای کارگێڕیی بەسەردا بسەپێنرێت.

**چـوارەم:** سـەرۆك بـۆی هەیـە لـەو کێـشانەی کـە لێکۆڵینـەوە یـان تێـدا کۆتـایی هـاتووە، داوا لـە وەزیـری تایبەتمەنـد بکـا فەرمانبـەر ئـەو زیانـە بـژمێرێت کـە لـە ئـەنجامی کەمتەرخـەمی یـاخود سەرپێـچی کردنی یاساو پێڕەو و ڕێنماییە باوەکان بە فەرمانگەکەی گەیاندووە.

**پێنجەم:** داوا لـە وەزارەتـی تایبەتمەنـد یـان لایەنـە پەیوەندیدارەکان بکرێـت داوای مـەدەنی بـەو سەرپێـچیە داراییانـەو بەدواداچـوونی لـە دادگـای تایبـەت تۆمـار بکـات، پێویـستە دیـوان زانیـاری بـە لایـەنی پەیوەندیدار لەبارەی ئەو سەرپێچییانەوە بدات لە حاڵەتی جێبەجێ نەکردنی لەلایەن وەزارەتی تایبەتمەنـدەوە، ئەمـە بـە سەرپێـچییەکی دارایـی لەسـەر وەزارەتـی پەیوەندیـدار تۆمـاردەکرێ و سەرۆکی دیوان بۆی هەیە ئەمە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی رابگەیەنێ.

**شەشەم:** سەرۆکی دیـوان بـۆی هەیـە بەهـۆی داواکـاری گشتییەوە داواکـاری یاسـایی لەسـەر ئەنجامـدەرانی تاوانی دارایی تۆماربکات ئەگەر وەزارەت دەستی بەو کارە نەکرد.

**حەوتەم:** سەرۆکی دیـوان بـۆی هەیـە بانگهێشت یـان میوانـداریی هـەر لایـەنێك بکـات کـە سـەر بـە چـاودێری دیوان بێت بۆ ئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لەو کاروبارانەی کە پەیوەستن پێیانەوە.

**هەشـتەم:** سـەرۆکی دیـوان بـۆی هەیـە داوای فەرمانبـەرانی دەوڵـەت یـاخود شـارەزایان لـە کـاتی پێویـستدا بکات بەو شێوەیەی کە بە پەسەندی دەزانێ بۆ بەشداریی پێکردنیان لەکاری چاودێری بۆی هەیە پاداشـت و کرێیـان بەرامبـەر بـەو خزمەتگوزارییانـە بـە پێـی یاسـاو ڕێنماییـە پـەیڕەو کراوەکـان بـۆ خەرج بکات.

**ماددەی حەڤدەم:**

ئەگەر ناکۆکیەك کەوتە نێوان دیوان ویـەکێك لـەو لایەنانـەی سـەر بـە چاودێرین و راستـەوخۆ لـە نێوانیانـدا یەك لا نەکرایەوە، سەرۆکی دیوان بۆی هەیە بابەتەکە بخاتە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیەوە.

رۆژنامەی وەقایعی کوردستان



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

## حوكمە كۆتاییەكان

**ماددەی هەژدەم:**

**یەكەم:** بەر لەوەی سەرۆكی دیوان كارو دەسەڵاتە بڕیار لێدراوەكانی بەپێی ئەم یاسایە وەرگرێ، لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق ئەم سوێندە دەستووریەی خوارەوە دەخوات

**( سوێند بەخوای مەزن دەخۆم كار و فرمانەكەم بە راستی و بە ئەمانەت و دڵسۆزییەوە ئەنجام بدەم و یاساو پێڕەو و رینماییەكان بە ئەمانەت و بە دەست پاكی و بێ لایەنی پیادە بكەم و سەربەخۆیی دیوان و بێ لایەنی و شكۆمەندییەكەی بپارێزم و نهێنیەكانی كار بپارێزم و رێز لە بنچینە رەوشتیەكان و پیشەییەكان بگرم كە كاروباری فرمان و پیشەكە رێك دەخەن و پێیانەوە بەندیم و خوا لەسەر ئەوەی دەیڵێم شاهیدە)**.

**دووەم:** جێگری سەرۆكی دیوان و بەڕێوەبەرە گشتییەكان و یاریدەدەرەكانیان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و سەرۆكەكانی دەستە چاودێرییەكان ئەو سوێندە یاساییە لە بەردەم ئەنجومەنی چاودێری دەخۆن كە لە بڕگەی (یەكەم)ی سەرەوەدا هاتووە بەر لە دەست دانەكارەكانیان. كە خۆ بەستنەوە بە پرنسیپەكانی پیشەی چاودێری و جێبەجێ كردنی بە جۆرێكی بێ لایەنی و ئاشكرا كردنی هەرچی پێویستە بۆ بەرزكردنەوەی و پایەی چاودێری لە هەرێمدا دەگرێتەخۆ.

**ماددەی نۆزدەم:**

هەر یەك لە سەرۆكی دیوان و جێگرەكەی و سەرۆكی فەرمانگەكان و سەرۆك و ئەندامانی دەستەكانی چاودێری خۆیان بۆ ئەرك و كاری فرمانەكەیان تەرخان دەكەن و هەموو ئەركێكیان بۆ كارو فرمانەكانیان تەرخان دەكەن و نابێ كار لە پیشەو كارێكی دیكەدا بكەن جگە لە كتێب دانان و بڵاوكردنەوەی و وانەبێژی.

**ماددەی بیستەم:**

**یەكەم:** نابێ بەدواداچوونی یاسایی دەرهەق سەرۆكی دیوان بكرێ، مەگەر لە دوای وەرگرتنی رەزامەندیی سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق بێ سەبارەت بەو رەفتارە فەرمیانەی ئەنجامی دەدات لە كاری چاودێری ووردبینی دا.

**دووەم:** نابێ بەدواداچوونی یاسایی بەرامبەر جێگری سەرۆكی دیوان و سەرۆكی فەرمانگەكانی وردبینی لەسەر رەفتارە رەسمییەكانیان لە بواری چاودێری و وردبینی بكرێ پێش وەرگرتنی رەزامەندیی سەرۆكی دیوان و بە ئاگاداری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق.

**ماددەی بیست ویەكەم:**

یاساكانی خزمەتی مەدەنی ومیلاك وبەرزەفتكردنی فەرمانبەران دەرهەق بە فەرمانبەرانی دیوان جێبەجێ دەكرێن بە مەرجێك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك نەبن.

**ماددەی بیستودووەم:**

**یەكەم:** پێكهاتەو فەرمانگەكانی دیوان و ئەركەكانیان و تایبەتمەندییەكانیان بە پێڕەوێكی ناوخۆ دیار دەكرێ كە لە دیوانەوە دەردەچێت.

رۆژنامەی وەقایعی كوردستان



www.mojkurdistan.com

علی عبدالرحمن محمد

دووەم: سەرۆکی دیوان بۆی هەیە بە ڕەزامەندی ئەنجومەن ڕێنمایی بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

سێیەم: یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٠و پێڕەوی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە(٢١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ هەڵدەوەشێنەوە.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست وچوارەم:**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ئەم یاسایە لە ٢٣ی گولانی ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر ٨ی جمادی یەکەم ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ١٣ی ئایاری٢٠٠٨ی زایینی لە هەولێر دەرچووە .**

**هۆکارە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە**

لە پێناو پاراستنی دارایی گشتی و بۆ پتەوکردنی پرنسیپی روونی و کارایی دەوری چاودێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق و لەپێناوی سەلامەتی سیستەمی دارایی و خەرج کردنی خەرجیەکان لەو لایەنانەی بۆیان تەرخانکراوە، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

بەناوى خواى بەخشندە و ميهرەبان

**هەرێمى كوردستانى عێراق**
**سەرۆكايەتى هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوى گەلەوە**
**بڕيار**
**ژمارە (١٠) ساڵى ٢٠٠٨**
**ياسـاى بودجەى هەرێمى كوردستان ـ عيراق بۆ ساڵى ٢٠٠٨**

بە پێى بڕگەى (١) ى ماددەى (١٠) ى ياساى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان – عێراق ژمارە (١)ى ساڵى ٢٠٠٥ ى هەمواركراو و بە پاڵپشتى ئەو ياساكارييەى ئەنجومەنى نيشتمانى كوردستان – عێراق كردويەتى لە دانيشتنى ژمارە (١٣) لە٣٠ /٤/٢٠٠٨ بريارماندا بە دەركردنى:

## ياسـاى ژمـارە (٣)ى سـاڵـى ٢٠٠٨
## ياسـاى بودجـەى هەرێمى كـوردستان ـ عێراق بۆ سـاڵى ٢٠٠٨

**ماددەى يەكەم:**

بۆ خەرجييەكانى ساڵى دارايى ٢٠٠٨ گوژمەى (٧٦٢٨٧٨٣)تەنياحەوت تِرليۆن و شەش سەد و بيست و هەشت مليار و حەوت سەد و هەشتا و سێ مليۆن دينار دادەنرێ و بەم جۆرە دابەش دەكرێ:

**يەكەم**:گوژمەى (٢٨٧٩٠٧٩)تەنيا دوو ترليۆن و هەشت سەد و حەفتا و نۆ مليار و حەفتا و نۆ مليۆن دينار بۆ خەرجييەكانى پڕۆژە سەرمايەداراييەكان.

**دووەم**: گوژمەى(٤٦٧٤٨٤٢)تەنيا چوار ترليۆن و شەش سەد و حەفتا و چوار مليار و هەشت سەدو چل و دوو مليۆن دينار بۆ خەرجييەكانى بەكارخستن.

**سێيەم**:گوژمەى(٥٤٩٠٨)تەنيا پەنجاو چوار مليار و نۆسەد و هەشت مليۆن دينار بۆ خەرجييەكانى ئەنجومەنى نشتمانيى كوردســتان – عيراق.

**چوارەم**:گوژمەى(١٩٩٥٤)تەنيا نۆزدە مليار و نۆسەد و پەنجا و چوار مليۆن دينار بۆ خەرجييەكانى دەسەڵاتى دادوەريى.

**ماددەى دووەم:**

داهاتەكانى بودجەى ساڵى دارايى ٢٠٠٨ لە سەرجەم خەرجييەكانى بودجەى فيدراڵى بە (٦٥٨٠٧٨٤)تەنيا شەش ترليۆن و پێنج سەد و هەشتا مليار و حەوت سەد و هەشتا و چوار مليۆن دينار دەخەملێندرێ.

**ماددەى سێيەم:**

وەزارەتى دارايى هەرێمى كوردستان – عيراق پارەى حساباتى وەزارەتەكان و فەرمانگەكان بەپێى ئەو داهاتە داراييەى بەردەست دابين دەكات.

**ماددەى چوارەم:**

سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردســتان – عيراق بۆى هەيە گوێزانەوە لەناو بودجەى تايبەت بە ئەنجومەنى نيشتمانى بكات.

رۆژنامەى وەقايعى كوردستان



www.mojkurdistan.com
على عبدالرحمن محمد

**ماددەی پێنجەم:**

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەنی دادوەریی بکات.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: دەسەڵات بە وەزیری دارایی دەدرێت گوێزانەوە لەنێوان پارە تەرخانکراوەکانی یەك دەروازەدا بکات جگە لە بەشی مووچەکان، کە دەشێ بۆ بگوێزرێتەوە و نابێ لێی بگوێزرێتەوە.

دووەم: نابێ گوێزانەوە لە نێوان پارە تەرخانکراوەکانی گەشــەپێدان لــە نێوان پارێزگاکاندا بکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە لە نێوان پارەی تەرخانکراوی دەروازەکانی بودجەدا بکات بە مەبەستی فەراهەم کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو فەرمانگانەی کە بڕیاری لێکردنەوەیان لە وەزارەتێك و خستنیان بۆ سەر وەزارەتێکی تر دەدرێ و وەزیری پەیوەندیداریش بۆی هەیە گوێزانەوە لە ناو بەشێك و یەکەیەکی خەرجکردنەکەدا بکات.

**ماددەی هەشتەم:**

دەسەڵات بە وەزیری دارایی دەدرێت پارەی تەرخان کراوی گشتی پەسەندکراو کە لە بودجەی ساڵی دارایی ٢٠٠٨ دا بە رێژەی ١٪ بخاتە سەر پارەی تەرخانکراوی گشتی پەسەند کراوی بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

یەکەم: تەرخان کردنی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەکانی فەرمانگە لە نوێ دامەزراوەکان لە ماوەی ساڵی دارایی ٢٠٠٨دا.

دووەم: تەرخانکراوی نوێ بخاتە سەر بودجەی وەزارەت و فەرمانگەکان بۆ حاڵەتە ناکاوییەکان کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەدا وردەکاری میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان – عیراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠٠٨ رێك دەخات و پەسەندی دەکات لەبەر رۆشنایی پارەی تێچوونی مووچەکان کە لە بودجەدا پەسەند کراون.

**ماددەی دەیەم:**

یەکەم: وەزیری پەیوەندیدار دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمەیەکی هەیە کە لە (٢٥٠)دووسەدو پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك وبۆی هەیە دەسەڵات بە سەرۆکەکانی ئەو فەرمانگانە بدات کە سەر بە وەزارەتەکەیەتی گوژمەیەك خەرج بکەن کە لە (١٠٠)سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

دووەم: سەرۆکی ئەو فەرمانگانەی کە بە وەزارەتەوە نەلکاون، دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمەیەکــیان هەیە کە لە (١٥٠)سەدوپەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك لەگەڵ رەچاو کــردنی نەچوونە ناو هیچ ئیلتیزامێك کە پشتیوانەی تەرخانکراوی لە بودجەدا نەبێ.

**ماددەی یازدەم:**

گوژمە پارەی پیتاکانەی کە بە وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەوە بەخشراون دوای قەبووڵ کردنی لەلایەن وەزیری داراییەوە دەبێتە داهاتی کۆتایی بۆ بودجەی گشتی بە مەرجێك وەزیری دارایی لە پشتیوانەی وەزارەت یان بۆ لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەوە تەرخان بکات تاکو خەرج بکرێ بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێناوی دا بەخشراوە.

رۆژنامەی وەقایعی کوردستان



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

**ماددەی دوازدەم:**

سولفەی خانووبەرە بۆ هاوولاتیان بەپێی هەڵ و مەرجێك خەرج دەکرێ کە وەزارەتی دارایی دەستنیشانی دەکات.

**ماددەی سێزدەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی وەرگرتنەوەی قستی سولفەی کشتوکاڵی بۆ ئەم ساڵ کە لە هەرێم دراوە دوابخات و لە قازانج و سوودی یاسایی بۆ ئەو ماوەیە خۆش بێت.

**ماددەی چواردەم:**

پێویستە وەزارەتی دارایی گوژمە پارەی پێویست لە بودجەی گشتی تەرخان بکات بۆ چارەسەر کردنی ئاسەواری وشکە ساڵی بۆ وەرزی ئێستا لە هەرێمدا.

**ماددەی پازدەم:**

پێویستە وەزارەتی دارایی یەکسانی لە نێوان مووچەی کارمەندانی دەزگاکانی هەرێم لەگەڵ مووچەی هاوشانانیان لە کارمەندان لە دەزگا فیدراڵییەکاندا بەدی بێنێ.

**ماددەی شازدەم:**

پێویستە وەزارەتی دارایی یەکسانی لە نێوان مووچەی هەموو خانەنشینکراوەکانی هەرێم لەگەڵ مووچەی خانەنشینی هاوشانە خانەنشین کراوەکانیان لە دەزگاکانی فیدراڵی دا بەدی بێنێ.

**ماددەی حەڤدەم:**

پێویستە وەزارەتی دارایی راپۆرتی دەوری هەر شەش مانگ جارێك لە بارەی باری دارایی هەرێم بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان –عێراق پێشکەش بکات.

**ماددەی هەژدەم:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە لە ماوەی دوو هەفتە لە مێژووی دەرچوواندنیەوە دەربکات.

**ماددەی نۆزدەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیستەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوەو لە رۆژی (١/١/ ٢٠٠٨)ـەوە جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ئەم یاسایە لە ٢٣ی گولانی ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر ٨ی جمادی یەکەم ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ١٣ی ئایاری٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .**

رۆژنامەی وەقایعی کوردستان



www.mojkurdistan.com
علي عبدالرحمن محمد

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٢ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان**
**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ( ٣١ )ی ساڵی ٢٠٠٧**

بە پێی برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٧) لە١٣ /٥/٢٠٠٨ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٨
## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان
## لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧

**ماددەی یەکەم**:جێبەجێ کردنی بڕگەی/٢/یەکەم لە ماددەی (پێنجەم)ی یاسای ژمارە(٣١)ی ساڵی٢٠٠٧ تاکو ٢٠٠٨/١٢/٣١ دوادەخرێ.

**ماددەی دووەم** :دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەکانی تایبەتمەند حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم**:ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندنییەوە جێبەجێ دەکرێ ولەڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

ئەم یاسایە لە ٢٩ی گولانی ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر١٤ ی جمادی یەکەم ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ١٩ی ئایاری٢٠٠٨ی زایینی لە هەولێر دەرچووە .

ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

**بەناوى خواى بەخشندە و ميهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

## بڕیار

**ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**بڕیاری ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**بە پێی برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە ٢٠٠٨/٤/٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی:**

## بڕیاری ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠٠٨

**یەکەم:** دانانی ڕۆژی ( ٤/١٦)ی هەموو ساڵێك لە هەرێمی کوردستان عێراق بە ڕۆژی ژیـــــنگە.

**دووەم:** پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندی دارەکان ئەم بریارە جێبەجێ بکەن.

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکـــرێ و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ئەم بریارە لە(١٤)ی گوڵان ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر(٢٨)ی رەبیعی دووەمی ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر (٤)ی ئایاری ٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .**

ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

## هۆیە پێویستیەکـــــان

